کارەبای هەرێم: دۆخی کارەبا بەتەواوی ئاسایی بووە



وەزارەتی کارەبای هەرێم رایگەیاند، لە ئێستادا دۆخی کارەبا بەتەواوی ئاسایی بۆتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی شێپڵی ڕشەبا و باران و بەفری شۆی لە بەردوو بوو هۆی زیانگەیاندن بە تۆڕەکانی پاڕێپێستی بەرزی کارەبا لە نێوان وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە.

وەزارەتی کارەبای هەرێم، ئەمڕۆ شەممە، لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، دوای ئەو شێپڵە ڕشەبا و باران و بەفرەی شۆی لە بەردوو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گرتەوە و بوو هۆی زیانگەیاندن بە تۆڕەکانی پاڕێپێستی بەرزی کارەبا لە نێوان وێستگەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، هاوڵاتیانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە دۆخەکە بە تەواوەتی ئاسایی بۆتەوە.

وتوشیەتی، تیمەکانی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم و پارێزگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزەی کارەبا، بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کرد و دوای چەند کاتژمێرێک بەشێکی زۆری کارەبای پارێزگاکان گەڕایەوە، لە ئێستاشدا دۆخەکە بەتەواوەتی ئاسایی بۆتەوە.

شەوی رابردو وەزارەتەکە لە راگەیەندراوێکدا وتی، بەهۆی باران و لافاوی بەهۆزەوە کە زیانی بە تۆڕەکانی کارەبای نیشتیمانی گەیاند، ئەمشەو کاتژمێر 8، گرفتی پچڕانی کارەبا لە بەشێک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی دروست بووە.

وەزارەتی کارەبا سوپاسی هاوڕاتیيانی هەرێمی کوردستانی کردوە لە بەرامبەر ئارامییان و هەموو لایەکی دڵنیا کردەتەوە، لەگەڵ بوودانی هەر گرفت و کێشەیەک لە تۆڕەکانی کارەبا، تیمەکانیان لە ئامادەباشی دان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە.